# ڕەفیق سابیر تەڵاق دەدرێت

حەمەسەعید حەسەن

وەک چۆن هەوێنی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنە کوردییەکان و سیاسەتمەدارانی کورد، شتی تایبەتین نەک گشتی، شەخسین نەک فیکری، پەتای ئەم دیاردەیە بە ناو بەشێک لە نووسەرانیشدا بڵاو بووەتەوە. ئەوانیش مینا سیاسەتمەداران هەوڵیان داوە کێشە تایبەتییەکانی نێوانیان، وەک ناکۆکی چینایەتی، ئایدۆلۆژی و سیاسی نیشان بدەن. ئەوانیش وەک سیاسەتمەداران پەنایان بۆ زەبروزەنگ بردووە بەڵام بە شێوەیەکی دی، ئەوانیش کەم تا زۆر توانیویانە خەڵک فریو بدەن.

سووکایەتی بە مرۆڤ کردن، شێوەیەکی زەبروزەنگ نواندنە و لە گەلێ بواردا ڕەنگ دەداتەوە. پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان کە بەو بیانووانەوە لە حیزبی شیوعی کوردستان/عێراق جیا بووەوە، گوایە حیزبی ناوبراو لە کاروانی کوردایەتی دوا کەوتووە و چەپایەتیشی لە دەست داوە، کەچی پارتی کار کە دەبوو لە حیزبی دایک کوردتر و چەپتر بێ، یەکەمین هاوپەیمانێتی ستراتیژیی لەگەڵ پارتی پارێزگارانی عومەر ئاغای سورچیدا دەبەستێت. ئەمە وەک سووکایەتیکردنێکی ئاشکرایە بە ئەندامەکانی خۆی، دیاردەیەکی نوێیشە و یەکەمین جارە ڕادیکاڵان و پارێزگاران بەو شێوە قووڵە ڕێک بکەون. (١) ڕاستە حیزبی شیوعی کوردستان بە تەواوی لە عێراقییەکە جوێ نەبووەوە، بەڵام حیزبی شیوعی عێراق بە درێژایی مێژووی هەرگیز هێندە بە تەنگ کوردایەتییەوە نەهاتووە، وەک ئەو سەروەختەی شیوعییە کوردستانییەکان (حیزبی کار)ی لێ جیا بووەوە.

ڕەفیق سابیر تێبینی لەسەر ئەو هاوپەیمانێتییە ستراتیژییەی نێوان حیزبی کار و عومەر ئاغای سورچی نییە، کەچی سووکایەتی بە لایەنەکانی هاوپەیمان لەگەڵ پارتی و یەکێتیدا دەکات و دەنووسێت: (حیزبۆکەکانی تری نێو بەرەی کوردستانیش کە بۆ تیکە نانێکی بەرماوەی دوو حیزبەکە ئامادەن لەسەر سک بخشێن، ئەوەندەیان بەسە کە لە موناسەبەتێکدا ئاوڕێکیان لێ بدرێتەوە.)(٢) ئەگەرچی پەرێزی حیزبی شیوعی کوردستان، زەحمەتکێشان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشوورییەکان خاوێن نییە و کەم و زۆر بەرپرس و بەشدارن لە ناپاکی و تاوانەکانی یەکێتی و پارتیدا، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستییە سادەیە ناگۆڕێت کە: هاوکاریکردن بە مەبەستی دەرۆزەی بەرماوە لەگەڵ عومەر ئاغەی سورچیدا، ئابڕوومەندانەتر نییە لە هاوپەیمانێتی بە هەمان مەبەست لە گەڵ پارتی و یەکێتیدا، ئەگەر ئابڕووبەرانەتر نەبێت. ڕەفیق خۆی سەر بە حیزبێکە گەلێ لەو سێ لایەنەی ناو بەرەی کوردستانی بچکۆلەترە، بۆیە جێی سەرسووڕمانە ئەو لایەنانەی بە حیزبۆکە ناوبردووە، وێڕای ئەمە پارتی کار لە مێژە لە خەباتێکی بێ وچاندایە بە مەبەستی ئەوەی لەو بەرە کارتۆنییەدا جێی بکەنەوە.

ڕەفیق سابیر دەڵێت: (چەند دیموکراتی لە نێو سەری ژێر عەگاڵدا جێی بۆتەوە، هێندەیش لە سەری ژێر جەمەدانیدا جێی دەبێتەوە.)(٣)

ئەمە وەک سووکایەتیکردنە بە هەردوو نەتەوەی کورد و عەرەب ، چونکە بە سووکی ڕوانینە بۆ جلوبەرگی میللی ئەو دوو نەتەوەیە، هەروا لە ڕاستیشەوە دوورە. هیتلەر، مۆسۆلینی، ستالین و چاوچیسکۆ نە عەگاڵیان دەبەست نە جامەدانی، کەچی دیکتاتۆریش بوون.

ڕەفیق سابیر دەڵێت: (کاتێک لێپرسراوانی دەوڵەتی عێراقی دێنە ئەورووپا، هەندێکیان سەرقاڵی سۆزانچێتی دەبن، بۆ دەبێ لۆمەی وەزیرێکی حکومەتی هەرێم بکرێ، کە لەبەر چاوی چەندین هاووڵاتیی خۆی، لە قومارخانەیەکی پایتەختی وڵاتێکی ئەورووپایی سۆزانی بۆ لە پەردە بکرێ!)(٤)

ئەمە یەکەمین جارە ڕەفیق بە هەمان چاو سەرنجی بەعس و ڕژێمی هەرێم بدات، دەسەڵاتدارانی هەرێم ڕەت بکاتەوە و پێشنیاریان پێشکەش نەکات . پێشنیار بۆ کێ؟ بۆ ئەوانەی: لووت و گوێی دیلی کوژراو دەبڕن؟ تەقە لە ڕێپێوانی ئاشتییانەی جەماوەر دەکەن؟ شارەکانی کوردستانی بن دەستی خۆیان بۆردوومان دەکەن؟ لەسەر بیروباوەڕ ڕێناس، نەزیر عومەر عەلی، ڕەوف ئاکرەیی و ئەبووبەکر عەلی دەکوژن؟ بۆ ئەوانەی لەبەردەم جەللادانی گەلەکەیاندا خۆیان بە سووک دەزانن و کەچی ڕۆژانە سووکایەتی بە گەلی خۆیان دەکەن؟ پێشنیار پێشکەش بەوانە ناکرێ کە تەنیا لە زمانی زەبروزەنگ تێدەگەن. پێشنیار دەخرێتە بەر چاوی کەسانی دیموکرات نەک فاشست.
ڕەفیق گەیشتۆتە ئەو سەرئەنجامەی هیچ جیاوازییەکی ڕیشەیی لە نێوان پارتی و یەکێتی و بەعسدا نییە. ئایا ئەم هەڵوێستە نوێیە ڕەنگدانەوەی گۆڕانێکی فیکرییە؟ دوور نییە خوێنەری خۆشباوەڕ وای بۆ بچێت. ڕاستە ئەو سێ لایەنە، سێ لقی درەختێکی زڕن، پەیینی زەبروزەنگ گەشەی پێ کردووە، هەر سێ لایان هەڵگری یەک ئایدۆلۆژیان، لە یەک سەنگەری چینایەتیدان و تا ئێستا چییان بۆ چەوساوەکانی کورد و عەرەب کردووە، لەمەو دوایش لەوە چاکتری بۆ ناکەن. بەڵام ئەم هەڵوێستە نوێیەی ڕەفیق ڕەنگدانەوەی خەبات و ململانێی فیکریی نییە، بەڵکوو لە ئەنجامی مەسەلەیەکی تایبەت بە خۆی و ئەو وەزیرەوە سەری هەڵداوە، کە ڕەفیق گوتەنی (دوو ساڵ لەمەوبەر ‹لە لەندەن› سۆزانی بۆ لە پەردە کراوە.) ڕەفیق کە وەها توندوتیژ نووسیوێتی، سەرچاوەی ئەم زەبروزەنگ نواندنەی ڕقی پیرۆزی چەوساوەکانی کوردستان نییە، لە بری ئەوان وا تووڕە نەبووە، هەوێنی هەڵچوونەکەی ناکۆکی عاتیفی نێوان خۆی و ئەو وەزیرەیە.
ڕەفیق گەرچی مێشکی بیرکەرەوەی پارتیی کارە، کەچی ئەمجارەیان لەبری هۆش و بیر، هەست و سۆزی بەگەڕ خستووە. ئەرکی سەرەکیی ڕەخنەگر: بنیاتنانی پردە لە نێوان نووسەر و خوێنەردا، ڕوونکردنەوەی دیوی ناوەوەی دەق و خوێندنەوەی وشە نەنووسراوەکانە، نەک وەک ڕەخنەگری بنەماخواز کە لە بری ئەوەی ڕۆشنایی بخاتە سەر ئەو دەقەی شی دەکاتەوە، دێت لە کۆڵانە تاریک، تەنگەبەر و دەرنەچووەکانی نووسینێکی نوێدا خوێنەر بزر دەکات و نەک هەر بەرچاوی ڕووناک ناکاتەوە، بەڵکو تەمومژ و تەنگوچەڵەمەی تازەشی بۆ دەخوڵقێنێت. لەم ڕوانگەیەوە پێویستە خوێنەر ئەوە بزانێ ئەو وەزیرەی ڕەفیق بە هۆیەوە غەزەبی لە ڕژێمی هەرێم گرتووە، شێرکۆ بێکەسە، ئاگرخۆشکەری ئەم شەڕەیش کەژاڵ ئەحمەدە.(٥) لە سەرەتای ساڵانی حەفتادا گەلێ شیعری جوان بۆ ئەحلام مەنسوور نووسران، دەشێ کەژاڵیش ببێتە هەوێنی لە دایکبوونی چەندین دەقی بەپێز.*

**سەرچاوەکان**

١– ڕزگاری، ئۆرگانی پارتی کار، ڕۆژی ١٩٩٤/٨/١٤ ژ: ٩
٢– دیاردەکان لە شێوەی خۆیان دژەکانیان دێننە بەرهەم، ڕەفیق سابیر، ڕابوون، ژ١٢ ل١٥ ئوپسالا ١٩٩٤
٣– ل١٢ سەرچاوەی پێشوو.
٤– ل١٦ هەمان سەرچاوە.
٥ـ خاتوونی هێژا کەژاڵ ئەحمەد وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، بۆیە دۆکتۆر ڕەفیق سابیری تەڵاق داوە، چونکە ڕەفیق دژی ئەوە بووە، کەژاڵ لە کۆڕدا شیعر بخوێنێتەوە. گۆڤاری (گۆڤار) ژمارە (٣ و ٤) ئایار و حوزەیرانی ١٩٩٨ ل ٤٦
* بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی درێژ.